# دووبارەبوونەوەی لێکسیم لەشیعری مەولەویدا

**پ .ی .د . حەمە نوری عمرکاکی**
زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زمان /بەشی کوردی

**ملخص البحث**

يعتمد هذا البحث المعنون ب "تكرار الكليمات والتعابير في شـعر مەولوي" (التاوگۆزی)،على الاسـلوب ألاحصـائية فيتحليله لنصـوص الشـاعر. ويتألف البحث من قسـمين:ففيالقسـم الاول يقدم الباحث جدولآ احصـائيا" بالكلمات التي يكررها (مولوي) ويعيدهامرارا في شـعره، وعلى سـبيل المثال لاالحصـر هذه الكلمات( ئازيز، دڵ ، خاڵۆ). امافيالقسـم الثاني يتطرق الباحث الى الحديث عن قدرة الشـاعر الابداعية وعطائه الفني واسـلوبه الفريد المتميز في صـياغة احاسـيسـه ومشـاعره بوسـائل فنية متنوعة احداها تكرارالكلمات والعبارات،لخلق فضـاء شـعريغني بالايقاعات الصـوتيةليس بالشـكل التقليدي المتداول بل بروح ابداعية مفعمة بمضـامين ومعاني جديدة. كما ويقدم الباحث استنتاجاته في خاتمة البحث اضافة الى ملخصين بالعربية والانگليزية.

**Abstract**

Repetition of words and expressions in the poetry of " Mawlawi"

The researcher used statistical methods in presenting the findings of the study:it consists of two main parts. The first section has a statistical table which contains the repeated "words in the verses of Mawlawis poetry. It is analyzed specifically throughtherepetitiveness of the words:(Dear,Heart, Uncle ). The second section discusses how Mawlawis creative. Abilities and his method of expression is seen within his repetition of words and phrases. He does the Latter in order to create a progressive rhythm and new meaning for the poems, contrary to prior traditional ones.

## پێشەکی

دووبارەبوونەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەگشتی و لە بەرهەمە نەمر و باڵاکان وتەنانەت لە کتێبە پیرۆزەکانیشدا دەبینرێنت ، بەتایبەتی لە شـیعری شـاعیراندا ئەوەندە دیاروئاشـکرایە زانایانی ڕەخنەوڕەوانبێژی ئەم بابەتەیان وەك بەشـێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە قەڵەم داوە .لە زمانی کوردیدا زاراوەی دووپاتکردنەوەشـەهر بەو چەمك و واتایە هاتووە . دووبارەبوونەوەی وشـە ولێکسـیمەکان لە شیعری زۆربەی زۆری شـاعیرانی نەتەوەکاندا دەبینرێت ،تائێستا لە شیعری نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان و شیعری کوردیدا، کەم تا زۆر هەندێکی کەم لێکۆڵینەوە و باسـی ئەدەبی لەم بابەتەدا دەبینرێن ، ئەم توێژینەوەیە بە شـێوەیەکی ئەکادیمی ئەو دیاردەیە لە زۆربەی شیعرەکانی مەولەویدا ڕووندەکاتەوە و دووبارەبوونەوەی لێکسـیم ووشـەو زاراوەکان لە شـیعری (مەولەویدا١٨٠٦-١٨٨٢ ) وەك هەوڵێکی هونەی و بەتوانایی و دەسـت ڕۆیشـتوویی شـاعیر بەسـەر زمانی شـیعریدا دەسـەلمێنیت.هەر لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، چەندین جۆری دیکەی دووبارەبوونەوە لە شــیعری مەولەویدا دەبینرێن، لە ناولێکۆڵینەوەکەداچەند نموونەیەکی ئەو دووبارەبوونەوانە



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وەرگیراون وشـیكردنەوەیان بۆكراوە،توێژینەوەكە لە دووبەش پێكهاتووە ، لە بەشـی یەكەمدا جگە لە بابەتی وشـە و لێكسیم لە زانستی زماندا و دووبارەبوونەوە لە ڕەوانبێژیدا وەك پێناسە و چەمك و واتاباسیان لێوەكراوە، هەروەها بە میتۆدی شێوازگەری ئامار،خشتەیەك دروستكراوە بە زاراوە و لێكسیمو‌ئەو دێرە شیعرانەی لێكسیمەكەی تێدا بەزۆری دووبارەبووەتەوە ولە بەشـــی دووەم بە میتۆدی شـــیكاریدەقلێكدانەوە و ڕاڤەكردن بۆ هەندێك لەو دەقەشـــیعرییانە كراون ،كە لێكســـیمە دووپاتكراوەكەی تێیاندا بەكار هاتووە . لەكۆتایی توێژینەوەكەدا بەچەند خاڵێك ئەنجامە گرنگەكان دیاریكراون و ئەو سەرچاوانەی وەك پاڵپشتێكی زانستی سوودیان بۆ لێكۆڵینەوەكە هەبووە ، بەپێی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستی لە لیستی سەرچاوەكاندا ناویان هاتووە.

**بەشی یەكەم :**

توێژینەوەی ڕەوانبێژی لەسەر بابەتێكی ئەدەبی وەك شیعر، پێوەندییەكی جەوهەری هەیە بە دەربڕینی زمانییەوە، بەواتایەكی دیكە توێژینەوەی ڕەوانبێژیی تەنیا پەیوەســـت نییە بە هونەرە ڕەوانبێژییەكانەوە ، بەڵكو بەشـــێوەیەكی كرۆكی بە كردەی زمانییەوە بەندە، هەربۆیە ئاماری ئەو وشـــە و لێكســـیمانەی لە دێرە شـــیعرەكاندا دووبارەبوونەتەوە پێویستییەكی گرنگ وپاڵپشتێكی زانستییە لەكردنەوەی گرێ وگرفتی توێژینەوەكەدا. لەبەر ئەو هۆكارە لە سەرەتاوە ڕوونكردنەوە و دیاری كردنی چەمكی لێكســـیم و جیاوازی لەگەڵ (وشـــە)ە ،وەك پێویســـتییەك وایە بۆ تێگەیشـــتن لە میتۆد و ئامانجی توێژینەوەكە لە لایەك و لە لایەكی دیكەشـــەوە بۆ دەرخســـتن و ڕۆڵی ئەركی لیكســـیم لە هونەری دووبارەكردنەوەدا ، لەنێو ڕستە شیعرییەكاندا .

**چەمكی لێكسیم وچەمكی دووبارە بوونەوە:**

توێژەرانی زمان ، لەگەڵ ئەو ڕاســـتییەدان ، (كە مەرج نییە هەموو كاتێك ئەوەی كە بۆ وشـــەیان داناوە ڕوون و ئاشكرابێت ،قورسی وگرانی ڕوونكردنەوەی سروشتی وشەتاڕادەیەكی زۆر بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە (كە زاراوەی (وشـــە ) بە زۆر مانای جیاواز بەكاردەهێنرێت و زۆر بەئاســـانی لە یەكتر جیاناكرێنەوە . هەرچەندە كە بوونی وشـــە لە زماندا شـــتێكی بە ڵگە نەویســـتە ) (د.حاتم ولیا محمد: ٢٠١٩، ٤٤ ) ، بەڵام لێكســـیم زیاتر و وردتر واتا وچەمكە لێكسیكۆنییەكەی دیاری دەكات بەوەی ( بچوكترین یەكەی واتاداری لیكسیكۆنییە، یان لێكسیم لەشێوەی یەكەیەكی مۆرفۆلۆژیدا ، واتایەكی دەلالی ، یان مانایەكی هەیەلە جۆرێكی پێكهاتەییدا) (www.Collinsdictionary.com ).

ئەو واتاو چەمكە زانستی وفراوانییەی لێكسیم و جیاوازیی لەگەڵ وشەدا بوو بە هۆكاری ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ، زیاتر لێكسیم بەكاربهێنرێ ولە هەندێك شوێنیشدا وەك پیویست (وشە)بەكارهێنراوە .

بۆ پێناسە و دیاریكردنی چەمكی لێكسیم پێویستە ئەم ڕوونكردنەوەیە لەڕووی نواندنیەوە دیاریبكرێت (لێكسیم یەكەیەكی ســـەرەكیی فەرهەنگیی زمان ودانەیەكی نادیاریی ناو فەرهەنگیی ئاوەزییە، لە بەرجەســـتە كردنیدا لەناو فۆرمی مۆرفۆلۆژیی وسینتاكسیدا واتا شاراوەكانی ناو لیكسیمێك بەرجەستەدەبن ، ئەگەرچی لێكسێمەكان نواندنی تایبەتییان هەیە و بە تەنیا لە فەرهەنگدا تۆماردەكرێن وهەرلێكســـیمێكیش دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام دەكرێت هەندێك لیكسیم نواندنی زیاتری هەبێت،بەواتایەكی تر ، دەكرێت لێكسیمێك لە چەند نواندنێكدا دەربكەوێت، ئەمەش ئەوكاتە دەبێت ، كە بەهۆی بەكارهێنانی لە دروستەی كەرەستەیەكی نوێی زمانیدا واتاكەی دەگۆڕێت ودەبێتە لێكسیمێكی سەربەخۆ.)( بژوێن یەحیامحەمەد :٢٠١٦، ٥٧ )

بۆ ناسـاندن و دیاری کردنی چەمکی دووبارەبوونەوە ،لە فەرهەنگی ئەدەبی لیکسـیکۆنی ئەڵمانیدا بەم شـێوەیە لە چەمکی دووبارە بوونەوە دەدوێت ( دووبارەبوونەوە هونەرێکە بەخواسـتن و پێچوپەنا دروسـتدەبێت و لە هەموو بەشـە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت ، دووبارەبوونەوە ، چەندجارەیی و وەکیەکیی وشـەشـی پێ دەوترێت، یان کۆمەڵە وشەیەك بەرێز و یەك لە دوای یەك لە دێرە شیعرێکدا ، یان لە تێکستێکی کورتدا بە دوای یەکدا بێن. ئەو شوێنانەی کە دووبارەکردنەوەکانی تێدا ڕوودەدات ئەگەری جیاواز هەیە لە فرەواتایی و مانای دووبارەکردنەوەی نوێدا ، هەمووئەو دووپاتکردنەوانە کاریگەری مەزنی لەسەر خوێنەر دەبێت) .

[ https://www.//wortwuchs.ne](https://www.//wortwuchs.ne).هەروەها(نازك ئەلمەلائکە۱۹۲۳ – ۲۰۰۷ ) دەڵێت: (دووبارەبوونەوە دیاردەیەکی شێوازگەریی پێشکەوتووە ، کاریگەر دەبێت لەسەرئاستی دەنگی وواتایی و پێوەندییەکی بەهێزی بە زمانی شیعرییەوە هەیە و سـەرچاوەی بەهێزی شـیعرە .) (نازك الملائکە،۲۰۰۷: ۲۳۵) . لەو مەبەسـتانەی ،کە دووبارەبوونەوە لە پێناویاندا هاتووەتە کایەوە ، شـیرینی و بەتام و خۆشـبوون و ئارەزوویەکی زۆر و بە پەرۆشـی بۆ شـتێ ،یان کەسـێك یان شـوێنێك،ئەمانە ئەو مەبەسـتانەن کە بە لای ڕەخنەگرانەوە ،شـاعیران بۆیان هەیە دوبارەبوونەوە بەکار بهێنن ، بەبێ ئەوەی لەسـەر ئەو کارەیان لۆمەورەخنەیان لێبگرن.لەم ڕووەوە ( ئیبن ڕەشـیق ۹۹۵ -۱۰۷۸زا )دەڵێت (دووبارە بوونەوە ، لە هەندێك شـوێندا جوانی و چاکەی خۆی هەیە و لە هەندێك جێگەشـدا ناشـیرین و خراپ دەکەوێتەوە. زۆربەی دووبارەبوونەوە لە گوفتەکاندا ڕوودەدات بەبێ واتا ،هەرچی ئەوەی لە واتادا بەبێ گوفت بێ کەمترە ، ئەگەر گوفت و واتا پێکەوە کۆببوونەوە ، ئەوە ڕیسوایی و دوادواییە ،لەبەر ئەمە پێویست ناکات شاعیر ناوێك دوبارەبکاتەوە تاوەکو زۆر زۆر خۆشی نەوێت و تامەزرۆ و بە پەرۆش نەبێت بۆی)(ریاض عبداللە سعدالجیاشی،۲۰۱۷ :۱۱ ) . لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا هاوواتا و زاراوەیەکی دیکە هەیە بۆ دووبارەبوونەوە زۆر جار ڕەخنەگرانی ئەدەب لە ڕووی واتا و مەبەستی سـەرەکی پرۆسـەی دووبارەکردنەوەکەوە ناویان لێناوە ، ئەو زاراوەیەش (التوازی)یە، لە بابەتە هونەرییەکانی ناو بنیادی شیعردا ،بابەتی هاوتەریبی و هاورێکبوون دەبینرێت ، کە ئەو دیاردەیەش بە شـێوەی چەند جۆرێك لە شـیعری شـاعیراندا بەکارهێنراوە، دیارترینیان ناوی هاوتەریب بوونی دەنگی تەواوی لێنراوە ( مەبەسـت لە هاوتەریب بوونی دەنگی، هەموو هاوشـێوەییەکی شـوێنگە و جێکەوتەییەکانی نێوان بەیتە شـیعرییەکان دەگرێتەوە ،لەگەڵ دووبارە بوونەوەی کوتومتی پیتەکان ، یان وشەکان بێت ،ئەگەرچی لە سەرەتای گوتە و بەیتە شیعرییەکان . یان لە ڕەگەزێکی وشـە گەردانکراوەکەدا ،یان دەنگە دەربڕاوەکەدا بێت)( الاسـتاذالدکتور محمد عبداللة القاسـمی :۲۰۱۰ ،۳٦ ) . یەکێك لەناودارترین زانای زمان ، کە بەئاگایی و وردییەوە سـەرنجی هاوتەریب بوونی داوە ، ڕۆمان یاکۆبسـونە کە دەڵێت: (هاوتەریب بوون دیاردەیەکی سەرەکی و گرنگە لە زمانی شیعریدا)(الاستاذالدکتور محمد عبداللة القاسمی : ۲۰۱۰ ، ۱۱) . یاکۆبسـون لەزۆربەی بیروراکانیدا، بەتایبەت لەڕووی دووبارە بوونەوەوە ، پشـتی بە شـیعرەکانی شـاعیری ئینگلیز(هانری هوبکیتر)بەستووە و لەبارەی ئەو دیاردەیەوە ڕاوبۆچوونی بەم شێوەیەیە :(یەکە زمانییەکان لە گوتاری شـیعریدا، بەتایبەتمەندێتیی هاوتەریبیدا دەناسـرێن و جیادەکرێنەوە ، هەموو (دوو هێڵێکی شـیعری ) ،دووبەیتێکی شیعری بەدووبارەکردنەوەیەکی ڕێك وپێکی یەکە هاوتەریبەکان سنوردارکراوە)(سەرچاوەیپێشوو : ۲۰۱۰ ، ۱۱) ئەوەی لە وتەکەی یاکۆبسـوندا دەردەکەوێت ، ئەوەیە کە سروشـتی دێرە هاوتەریبەکان خۆیان بۆ خۆیان لە کۆمەڵێك یەکەی هاوتەریب و هارمۆنیای شیعری دروستبوون و هەر ئەو تایبەتمەندییەیە زمانی شیعریی لە زمانی ئاسایی جیادەکاتەوە . ئەم خشـتە ئاماریە دروسـتکراوە بەو لێکسـیمانەی ،کەبەزۆری لە شـیعرەکاندا و لە ناو تەواوی دیوانەکەی مەولەویدا بینراون . یەکێك لەوانە (ئازیز) ە , کەوەك دەبینرێت مەولەوی ئەو لێکسـیمەی بەشـێوەی جۆراوجۆر و بەزۆری لە دێرە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

ئاماری ئەو لێکسیمانەی ،کە بەزۆری لە شیعرەکانی مەولەویدا دووبارە کراونەتەوە:

**خشتەی ئاماری زاراوە ولێکسیمە دووبارەکراوەکان**

| ژمارە | وشە و لێکسیمە دووبارە کراوەکان | چەند جار دووبارە بووەتەوە | ئەودێڕەشیعرەی وشە ولێکسیمەکەیتێدایە | ژ.لاپەڕە لە دیوانەکەدا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئازیز | ٢ جار | ١-ئازیز دیارەن ، وادەی لوامەن<br>٢-وەر ناستش ، ئازیز!تۆ وەسەلامەت | ٥<br>٩ |
| ٢ | ئازیز، ئازیزم | ٣ جار | ١-ئەر ئازیز وەی تەور لێم کەرۆ ستەم<br>٢-ئازیزم گوڵاو بۆی خۆی کوڵم تۆن<br>٣-ئازیز، وەمەرگت گەر ئینسافت بۆ | ١٠<br>١١<br>١١ |
| ٣ | ئازیزان | ١ جار | ١- ئەساسەی دووریی ئازیزان جەم بۆ | ١٣ |
| ٤ | ئازیز | ١جار | ئامان ، هەی ئازیز بینایی چاوان | ١٦ |
| ٥ | ئازیز | ١جار | بۆی دووریی ئازیز مەیۆ نە دەماخ | ٢٢ |
| ٦ | ئازیزم | ١جار | ئازیزم ! ئاهیر دووریی باڵای تۆ | ٢٥ |
| ٧ | ئازیزم | ١جار | ئازیزم ،ئامای، ئای بێ قەرار وێم | ٢٧ |
| ٨ | ئازیز | ١جار | ئازیز ! تەن وە نێش زامانت خەستەن | ٢٩ |
| ٩ | ئازیز | ١ جار | ئارەزووی ئازیز وەنەم سەر داوە | ٤٢ |
| ١٠ | ئازیزەکەی | ١جار | ئایینەی کامڵ! ئازیزەکەی فەرد | ٤٧ |
| ١١ | ئازیز | ١جار | نەچەم نەدیدەن ئازیز بێ گەرد | ٤٩ |
| ١٢ | ئازیز | ١جار | ئازیز! تای ڕیشەی دڵەی خەم بێ شۆ | ٥٠ |
| ١٣ | ئازیز | ١جار | ئازیز ! وەمەرگت دڵ نە خرۆشەن | ٥٤ |
| ١٤ | ئازیزم | ١جار | ئازیزم ، گەردەن بلوور بێگەرد | ٥٦ |
| ١٥ | ئازیز | ١جار | ئازیز!وەس بووزەم نە گێجاو خەم | ٥٨ |
| ١٦ | ئازیز | ١جار | ئازیز! اجە دووریت تەن بی کڵافە | ٥٩ |
| ١٧ | ئازیزانم | ١جار | ئیسە چەنی مەیل ،ئازیزانم چێش | ٧٥ |
| ١٨ | ئازیز | ١جار | دڵ طفل و ئازیز هەر ڕۆ نەشانێ | ٩١ |
| ١٩ | ئازیز | ١جار | مەر ئازیز وەخەیر تەشریف باوەرۆ | ١٣٠ |
| ٢٠ | ئازیز | ١جار | ڕای ئامای قاصد ئازیز بەستەن لێم | ١٣٥ |
| ٢١ | ئازیز | ٤جار | ١-جەسەردیی مۆبەت ئازیزبێگەرد<br>٢-جەورەکەی ئازیز ڕیشەی دڵ کەندەن<br>٣- جە دووریی ئازیز تەن کۆی زوخاڵەن<br>٤-بەڵ ئازیز وەخەیر ڕەحمێ کەرۆ پێم | ١٤٨<br>١٤٩<br>١٥٠<br>١٥١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | ئازیز | ١جار | سیوای تۆ ئازیز نەی زەمانەدا | ١٥٣ |
| ٢٣ | ئازیز | ٢جار | ١-یا چون من بالای ئازیز گوم کەردەن<br>٢-ئازیز شۆخ شەنگ شیرین تارەنی | ١٦٢<br>١٦٥ |
| ٢٤ | ئازیز | ٢ جار | ١-من نەبوون ئازیز گەردەن بلووری<br>٢-ئازیزت ئاستەن ها وە دماوە | ١٧٠<br>١٧١ |
| ٢٥ | ئازیزم | ١-جار | ١-وەرنە ، ئازیزم، قەسەم وە نامەت | ١٩١ |
| ٢٦ | ئازیز | ٢جار | ١-وەخزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ<br>٢-فیدات بوون ئازیز جەمین پەرەی گوڵ | ٢١٦<br>٢١٨ |
| ٢٧ | ئازیز | ١-جار | ١-هەرئێد مزانۆون ئازیز گیان تۆ | ٢٤٧ |
| ٢٨ | ئازیز | ١-جار | ١-پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وەدەماخ | ٢٤٨ |
| ٢٩ | ئازیز | ٢-جار | ١-خەیلێوەن ئازیز، شای نەونەمامان<br>٢- بێ مەیلی ئازیز نەوینی وەچەم | ٢٦٠<br>٢٦٢ |
| ٣٠ | ئازیز | ١-جار | ١-جەوساوە ئازیز لێم نادیارەن | ٢٦٦ |
| ٣١ | ئازیز | ١-جار | ١-ئازیز قیبلەی من ، وەفاش پەی غەیری | ٢٦٨ |
| ٣٢ | ئازیز | ١-جار | ١-تۆوئیستە تەشریف ئازیز گیانی | ٢٧٧ |
| ٣٣ | ئازیز | ٢ جار | ١-ئازیز ، وەکەرەم من تەڵەب کەردەن<br>٢-بێ ئەمریی فەرمان ئازیز تاوەکەی | ٣١٨<br>٣١٩ |
| ٣٤ | ئازیزم، ئازیز | ٢جار | ١-ئازیزم جەمن بێگانە کەردی<br>٢-ڕەحمی کەر ئازیز جە هجری حاڵت | ٣٣٦<br>٣٣٨ |
| ٣٥ | ئازیز، ئازیزم | ٤جار | ١-ئازیز تاقەت شی ئاخر نەفەسەن<br>٢-تەفاوت نە بەین وەصف ئازیز کەرد<br>٣-ئازیز،کام هوون بی دیدەم پێ نەڕشت؟<br>٤-ئاخر ئازیزم تەوانام چۆنەن | ٣٣٨<br>٣٣٩<br>٣٤١<br>٣٤١ |
| ٣٦ | ئازیز | ١جار | ١-هانا هەی ئازیز فەریادم وە تۆن | ٣٤٢ |
| ٣٧ | ئازیز | ١جار | ١-ئازیز، تۆ هەرچەند بێ مەیلی کەردی | ٣٤٤ |
| ٣٨ | ئازیز | ١جار | ١-وەخصوص ئازیز شای نەونەمامان | ٣٩٢ |
| ٣٩ | ئازیز | ١جار | ١-من نەحیکایەت ئازیز بێ مەیل | ٣٩٨ |
| ٤٠ | ئازیز | ٣جار | ١-ظاهرا هەوای لای ئازیز دارۆ<br>٢-زەحمەت وەخەیاڵ ئەو ئازیز مەدەر<br>٣-مەحروم بۆی گوڵ ڕووی ئازیزەنان | ٤٠٧<br>٤٠٧<br>٤٠٩ |
| ٤١ | ئازیز | ١جار | ١-ژار دووریی دۆس ئازیزەن نۆشم | ٤٢٥ |
| ٤٢ | ئازیز | ١جار | ١-ئازیز وەی سفتەی دۆزەخ دووری | ٤٢٧ |
| ٤٣ | ئازیز | ١جار | ١-گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان | ٤٣١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | ئازیز | ١جار | یا شنۆی دووریی باڵای ئازیزەن | ٤٣٧ |
| ٤٥ | ئازیز | ١جار | موشکوڵەن ئازیزجەمین پەرەی گوڵ | ٤٣٩ |
| ٤٦ | ئازیز ، ئازیزم | ٢جار | ئازیز یەقین عەکس وەش نامەکەی تۆن<br>ئازیزم نامە پێچ مەدۆ چون مار | ٤٥٤<br>٤٥٥ |
| ٤٧ | ئازیزت | ١جار | وێت ئاسا خەیاڵ ئازیزت کەردەن | ٤٦٤ |
| ٤٨ | ئازیزا | ١جار | ١وەلای ئازیزا بویەر چوون جاران | ٤٦٥ |
| ٤٩ | ئازیز | ١جار | ١چون دیوانەی شۆر ئازیز نەسەردا | ٤٦٧ |
| ٥٠ | ئازیز . ئازیزێ | ٢جار | ١-وێش نمەوینۆ ، ئازیز ، خەمینت<br>٢-ئازیزێ چون تۆ نمەگنۆم وە دەس | ٤٧١<br>٤٧١ |
| ٥١ | ئازیز | ٢جار | ١-نە ئازیز وێنەی ئیفتەر یارانەن<br>٢-یە گیان ئازیز زیز دەردمەن | ٤٩٣<br>٤٩٩ |
| ٥٢ | ئازیز | ١جار | ١-مەپرسۆ ئازیز پڕ وەفاو بەینەت | ٥٠٣ |
| ٥٣ | ئازیزم | ١جار | ١-یانێ:ئازیزم یە نامەی تۆ بۆ | ٥١٤ |
| ٥٤ | ئازیز | ١جار | ١-گا مەوات ئازیز ئای جە ئەوگاریم | ٥٣٨ |
| ٥٥ | ئازیز | ١جار | ١-عومرەنی ئازیز، هەر عادەت بیەن | ٥٢٨ |
| ٥٦ | ئازیز | ٢جار | ١-دووی ئازیزشەن دڵ ئاهەڕایێ<br>٢-ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا | ٥٣٨<br>٥٣٩ |
| ٥٧ | تۆشە | ٤جار | ١-مەنزڵ بێپایان تۆشە زەرووەرن<br>٢-دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ<br>٣-ڕازت تۆشەی گۆش ، مەنزڵوەمەنزڵ | ٦<br>٦<br>٦ |
| ٥٨ | ئای | ٤جار/لە یەك بەیتدا | ١-ئازیزم، ئامای ئای بێ قەراروێم!<br>٢-ئای ئای چەمەڕا!ئای انتظار وێم! | ٢٧<br>٢٧ |
| ٥٩ | ئاخ | ٤جار/لە نیو بەیتدا | ١-ئاخ،چراخ!چ ئاخ؟ئاخ پەی ئاخدارێ<br>چون من خاطر خار ، خەمبار، داخدارێ | ٥٥ |
| ٦٠ | چەمەن، چ مەن | ٣ جار | بشیامێ وە سەیر سەر سەراو چەمەن<br>چ ئەو چراخم نەو چەمەن ، چ مەن | ٥٥ |
| ٦١ | ئاخ | ٣جار | ١-بێ لەیل ، ئاخ ، ئامێ جە ئێڵاخەوە<br>پەی ئاخ داخ تەك دان بە(ئاخ داخ)ەوە | ١٦٣ |
| ٦٢ | خاڵۆ | ٧ جار | خاڵۆ خاڵۆتەن ، کەم واچە خاڵۆ<br>خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵۆ<br>شەرت بۆ من جە داخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ | ٢٠٢ |
| ٦٣ | دڵ | ٥جار | ١ دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل<br>٢ چەم وەنمەوە ، دڵ وە تەمەوە | ٢٠٥<br>٢٠٥ |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ٣ دڵەی سەنگ سەخت متاوناوە<br>٤ دڵ تلنا وە زام هەزار ڕەنگەوە | ٢٠٦<br>٢٠٧ |
| ٦٤ | عەنبەر | ٣ جار | ١لانەحەلقەی زوڵف عەنبەربۆی شەو ڕەنگ<br>٢ گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن<br>٣ سارابۆی عەنبەرسارا هەرزان کەرد | ٢٠٥<br>٢٠٦<br>٢٠٦ |
| ٦٥ | عەین | ٥ جار | سەر وەبان عەین عەینم خەم وەردەن<br>هوون چون چەشمەی عەین نەعەین<br>سەرکەردەن<br>یەند دەردو ئاهم عەین کەردەن بێ نوور | ٢٩٥ |
| ٦٦ | شکۆفە | ٥جار | ١وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین<br>٢شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین<br>٣شکۆفەی باغچەی پیری سفیدەن | ٤٥٧ |
| ٦٧ | پیری | ٩جار | ١وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین<br>٢شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین<br>٣شکۆفەی باغچەی پیری سفیدەن<br>(تا کۆتایی چامە شیعرییەکە) | ٤٥٧ |

وەك پێشتر باسکرا و لە ئەنجامی ئەو خشتە ئامارییەدا دەردەکەوێت ، لێکسیمی ئازیز و جۆرەکانی ٧١ حەفتاویەك جار ، لە ٥٥ پەنجاو پێنج دێڕە شـــیعردا دووبارەکراوەتەوە . لەپێشـــترین ئەو لێکســـیمانەیە، کە مەولەوی بەزۆری لە شیعرەکانیدا دووبارەیکردووەتەوە .لەبەر زۆری لێکسـیمە دوبارەبووەکان ، کە وەك دیاردەیەکی هونەرییە وناکرێت لە لێکۆڵینەوەیەکی وادا هەر هەموویان ئامار بکرێن ، بەوهۆیەوە چەند نموونەیەك لەولێکســـیمانە لەبەشـــی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا باس دەکرین.

**بەشی دووەم:**

ئەم هونەری دووبارەکردنەوەیە لە ئەدەب وبەتایبەتی لە شـیعردا بۆ گەلێك مەبەسـت بەکارهێنراوە . مەبەسـت لە دووبارەکردنەوەی لیکسیمی (ئازیز ) لە دێڕە شیعرەکانیدا ، بۆ ئەوەیە جەختبکاتەوەو ڕادە و ڕاستیی خۆشـەویسـتیی خۆییۆ خۆشەویستەکەی بسەلمێنێ ،هەروەها شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە خوێنەری شیعرەکانی ، یان خوێنەر و گوێگری نامە شـیعرییەکانی دڵنیا بن لە ڕاسـتی ئەوین و خۆشـەویسـتییەکەی و قایلیان بکات، کە شـاعیر زۆر ڕاسـتگۆیە لە دەربڕینی خۆشەویستیی وئەوینەکەیدا (شاعیر کە وشەیەك دوپاتدەکاتەوە ،ئیدی ئەو وشەیە نێوی کەسێکبێت ، یان شـوێن وجێگایەك ، ئەو دووبارەکردنەوەیە نهێنییەك لە ئامێزدەگرێت ، کەجۆر و سـروشـتی پێوەندییەکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە ، هەروها ئەو دووبارەکردنەوانە، نە لە خۆیانەوە دێن و نە بەرێکەوت ڕوودەدەن ، بەڵکۆ پەیوەسـتن بە هەڵقوڵان و تاقەکردنی هەستوسۆزو ئەفراندنی شاعیرەوە)(شفیع السید،2017: 23) لە لایەکی دیکەشەوە شاعیر کە لە سـەرەتاوە لێکسـیمی ئازیز بەکاردەهێنێت ، ئاگاداری پرۆسـەی بەناوکردنی ئاوەڵناوی ئازیزە ،چونکە بە ناوکردن ( پرۆسـەیەکە ،تێیدا بەبێ گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی ( مۆرفێمی سـفر)، ئاوەڵناو وئاوەڵکردار ، یان کردارەکان دەبن بە ناو ، یان دەبن بە سـەری ڕێزمانی فرێزی ناویی ، واتە پۆلەڕەگەزەکانی تر ، وەکو ناو بەکاربرێن)(بڕوێن یەحیا محمد :٢٠١٦

،٧١ ) لەم دێڕە شــیعرەی خوارەوەدا مەولەوی ئاوەڵناوی (ئازیز) ی لە جیاتی ناوی هاوڕێیەکی بەکارهێناوە[١] ، کەناوی"شێخ عەزیز " بووە (لە سەردەمی فەقێیەتیدا مەولەوی ئەو شیعرەی بۆ "شێخ عەزیزی جانەوەریی " هاوڕێی نووسـیوە ، کە لێی جوێ بووەتەوە وچوە بۆ بانە)(دیوانی مەولەوی:١٩٦١، ٥ )لەو چامەیەدا سـەرەتاکەی بە لێکسـیمی ئازیزدەستپێدەکات لە یەکەم دێڕدا دەڵێت:

ئازیز! دیارەن، وادەی لوامەن

ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن ( دیوانی مەولەوی:١٩٦١ ، ٥ )

ئەوەی جێگای سـەرنجە ،شـاعیر لەو قەسـیدە ٢١ دێڕییەدا، دوو جار (ئازیز)ی دووپاتکردووەتەوە ، جارێك لە سـەرەتاوە ولەیەکەم دێڕدایەو ، دواجاریش لە کۆتایی ولە دێڕی بیسـتویەکەمدایە ، ئەم شـێوە هونەرییەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەولەوی ئاگاداری شێوازو وێڵوئوسوڵی نامە نووسین بووە بەتایبەتی نامەی شیعری :

وەر ناستش ، ئازیز! تۆ وەسەلامەت

دیدەن دیدار کەوت ئەو قیامەت (دیوانی مەولەوی:١٩٦١ ، ٩ )

هەر لەو چامەیەدا چەند زاراوە ولێکسـیمێکی دیکەی دووبارە کردووەتەوە بە مەبەسـتی جیاواز و لە شـوێن و جێگای جیاوازدا ، کە ئەمانەن: دڵ ٩ نۆجار ، بەم شێوانە دڵ ، دڵم ، دڵان، تۆشەی دڵ ، دڵتەنگ ،دڵگیر ، دڵخۆش کردن ؛ واتە چەند جارێك دل وەك ئەندامێکی بایۆلۆژی ، دڵ لەگەڵ ئاوەڵناوی خۆش ، بۆ دروسـتکردنی ئاوەڵناوێکی دیکە، دڵ لەگەڵ ڕەگی کار دیسان بەمەبەستی بە ئاوەڵناوکردن ، وەك دڵگیر و دڵتەنگ ، ئەمانە لەفەرهەنگی گشتیی کوردیدا هەن و بیستراون ، بەڵام (دڵ خەمینت ) لە داهێنانی مەولەوی خۆیەتی .وەك لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا دەبینرێت:

ئەر فرسەتشدا پەی دڵ خەمینت

عومرێ دووبارەن جارێو تەر دینت (دیوانی مەولەوی:١٩٦١ ، ٨ )

×××××

ئاخر سەفەرەن ، ڕا خەیلێ دوورەن

مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەروورەن (دیوانی مەولەوی:١٩٦١، ٦ )

توێشە ، یان تۆشە ، بەو خۆراك و خواردن وبژێویە دەوترێت کە ڕێبوار بۆ ڕێگای سەفەری دوور لەگەڵ خۆی دەبات. مەولەوی جگە لەم واتا فەرهەنگییە لەو دێڕە شیعرەدا سێ واتای نوێی لەو لێکسیمەو سێ ئەندامی بایۆلۆژی لەشی مرۆڤ دروست کردووە کە واتای هەریەکەیان پەیوەستە بە کردەو سروشتی ئەندامەکەوە . یەکەم لە ڕستەی( دینت تۆشـەی چەم )دا دین ، بە واتای دیتن ، یان بینین ، لە لێکسـیمی تۆشـە + چەم = تۆشـەی چەم ، بەواتای چاوپێکەوتنەکانمان کەتۆم دەبینی ، ئەو بینینانە دەکەم بە توێشە و خواردنی ڕێگای سەفەرەکەم. مەیلت واتە ئارەزو ، خۆشەویستی ، بێگومان جێگای مەیل و ئارەزووو خۆشەویستی ناو دڵە ، بۆیە ئەومەیلەش بۆ سەفەرەکەی دەکات بە خواردن و خۆراکی دڵی، دواشـت لەتوێشـەبەرەکەیدا هەڵی دەگرێت (ڕاز)ە ، ڕازیش بە واتای قسـەی خۆش ، سـەرگوزوشـتە ، باسـوخواس ونهێنی ، هەر هەموو ئەوانەی لە ڕێگای گوێچکەیەوە بیسـتوونی ، هەڵیان دەگرێت و دەیانکات بە توێشـەی گوێچکەکانی .لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا و لەلای خەڵکی کورد توێشـەبەو زانیارییەوە هەڵگیراوە ،کەبۆ خۆراك و خواردن وبژێویە دەوترێت کە ڕێبوار بۆ ڕێگای سـەفەر ، بەڵام لەلای مەولەوی وشـەکە لە ڕێگای فرێزەوە کۆلێکەیشنێکی دیکەی دەداتێ و زانیاری تری دەخاتە ناو لێکسیمی ( تۆشە)وە، بەمەش لە فەرهەنگی شیعری مەولەویدا تۆشە واتاکەی فراوان کراوە.

دینت تۆشەی چەم ، مەیلت تۆشەی دڵ

ڕازت تۆشەی گۆش ، مەنزڵ وە مەنزڵ (دیوانی مەولەوی:١٩٦١ ، ٦ )

لەغەزەلێکی دیکەیداجگە لەوەی بە لێکسیمی (ئازیزم) دەستپێدەکات ، لەو دێڕەدا ٦ شەش جار دەنگی (ئا)ی دووپاتکردووەتەوە ، بەم کارە هونەرییەی ، جۆرە ڕیتمێکی موزیکی بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە، هەروەها لەو دێڕەدا چوار جار لێکسیمی ( ئای) ی دووپاتکردووەتەوە، بێگومان بەواتای جیاواز و ئەرکی ڕیزمانی جیاوازەوە .(پرۆسەی بە لێکسیمبوون هەموو جۆرەکانی وشەی زمان دەگرێتەوە "سادە، داڕێژراو " ، هەروەها هەر یەکە لە "جووتە وشە /Collocation "و" وشەی لێکدراو دەبنە تاکە وشە ( Lexicalized) لەپرۆسەی بە لێکسیمبووندا مەرجە ئەو وشەو دەستەواژانەی دەبن بە لێکسیمی سەربەخۆ گۆڕان لە واتاکانیاندا ڕووبدات)(محەمەدمەجید سەعید: ٢٠١٥ ،٤٦-٤٧ ) دووبارەکردنەوەی لێکسیمی (ئای )ەکە بەم شێوەیەیە: لە جاری یەکەمدا ، (ئای) بە تاك وەك چۆن لە فەرهەنگداهاتوەبەکارهێناوە، بەواتای دەربڕینی ئێش و ئازارێکی جەستەیی و دەروونی ، وەك ئازارچێشتن،جاری دووەم بەشێوەی جووتە وشە( ئای ئای )بەکاری بردووە ولەواتای (ئای) یەکەم جیاوازە ،بەواتای سەرسوڕمان و بێزاری لە بارودۆخێکی دەروونی ناجێگیردا بێت . دواجاریش وەك جاری یەکەم بەکاری هێناوەتەوە بە واتای بێزاریی لە چاوەڕوانی ئازیزەکەیدا.

ئازیزم ئامای ، ئای بێقەراروێم

ئای ئای چەمەڕا ، ئای ئینتظار وێم (دیوانی مەولەوی:١٩٦١،٢٧ )

لە پارچە شیعرژمارە-١٢-ی ل ٢٩دا

ئازیزا تەن وە نێش زامانت خەستەن

مەینەت پای ئامام وەزنجیر بەستەن(دیوانی مەولەوی :١٩٦١ ،٢٩ )

لەو پارچە شیعرەدا ٦ شەشجار لێکسیمی ئامان دووبارەکراوەتەوە، مەبەست لە هونەری دووبارەکردنەوەکەی ، بە پلەی یەکەم بۆ ڕازاندنەوە وئیستاتیکای ئاوازی ناوەوەیە، مەولەوی و شاعیرانی ئەوسەردەمە ،بۆ دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی دێڕەشیعرەکانیان ڕوویان لە گەلێك هونەر کردووە ،هونەری دووبارەکردنەوە یەکێك بووە لەو توانا و سەلیقەی هەڵبژادن و گەڕان بەدوای وشەی ئاوازەداراداو دووپاتکردنەوەیان، جا ئەو دووبارەکردنەوەیە چ وەك فۆنێم و دەنگ ، یان وەك دەستەوهێشوەفۆنێم بن، پێکەوە لە چوارچێوەی دێڕو تێکستە شیعرییەکاندا ئاوازی ناوەوە پێکدەهێنن . هاومەبەست لەگەڵ ئەو هونەرەدا شاعیر لای لە فرەواتایی لێکسیمەکان کردووەتەوە و بە واتای جیاواز بەکاریهێناون .جارێك (ئامان ) بە واتای فەرهەنگییە گشتییەکەی بەمانای (هاتن) و جاری دووەم بەواتای ئامۆشۆ = هاتووچۆ و جارێکی دیکەش بەواتای زۆر هاتن. وەك لەم دێڕەدا دەردەکەوێت :

دڵ وەلاتەوەن ، ئامان صەد ئامان

ئامشۆش کەردەن ، فرە جار ئامان (دیوانی مەولەوی :١٩٦١ :٣٠ )

دڵ ، زاراوە ولێکسیمێکە ،کە ئەویش وەك (ئازیز) بەزۆری لە شیعری مەولەویدا دووبارە بووەتەوە ،لەوپارچە شیعرانەدا ، کە بە دەنگی (پیتی د ) دەستپێدەکەن و ژمارەیان ٢٧ بیستوحەوت پارچەیە ١٢ شیعریان بە (دڵ) دەستپێدەکات، و ٤٤ چلوچوار جار ئەو لێکسیمەلە دێڕە شیعرەکاندا دووپاتکراونەتەوە.هەرچەندە دڵ وەك ئەندامێکی بایۆلۆجی ، بەشێکی بچوکی جەستەی مرۆڤە ، بەڵام گرنگترین بەش وپارچەی مرۆڤە، کە جێگای سۆز و هەست ونەستە ڕاستەقینەکانە ، یان پێچەوانەکەی لە درۆو بێ بەزەیی و دڵڕەقی و بێ سۆزی و....هتد . تێدا بووەتەوە . هاوکات پەیوەندییەکی توند وتۆڵ هەیە لە نێوان دڵ وزماندا، ئەوەی لە دڵدایە بە زمان گوزارشتی لێدەکرێت و دەبێت

بە قسە و نووسین . لەدونیای ئەدەبدا ، زۆر لە سەر دڵ و زمان و قسەی دڵ و عەقڵ گوتراوە، لەبارەی عەشقەوە،دەڵێین: دڵ لە پێش چاودا عاشق دەبێت. عەشقی دڵ بەرلە چاو خورپە و ئیلهامە و عەشقی دڵ وەكو ڕۆح وایە لە ناوناچێت ، بەڵام عەشقی چاو نامێنێتەوە ئەگەرچی تاماوەیەك بەردەوامیش بێت.

عەشــق و خۆشــەویســتییەكەی مەولەوی لە دڵیدا چەســپیوە، بەتایبەت بەرامبەر بە عەنبەرخاتوون و هاوڕێ ودۆســتانی، هەربۆیە (دڵ) دووبارە دەكاتەوە ، وەك پێشــتر باســكرا بۆ مەبەســتی جەختكردن ودڵنیابوونی خۆشەویستەكەیەتی لە ڕادە وڕاستگۆیی دەربڕینی هەستوسۆزو خۆشەویستییەكەی بۆ خۆشەویستەكەی ، بۆیە لە زۆربەی ســەردێڕی شــیعرەكانیدا ڕووی دەمی تێدەكات ولێكســیمی دڵ ،دڵە ،دڵم ، دڵەكەم و دڵان و......هتد ، بەكار دهێنێت .

دڵەی دڵ وەمەی مەیل لەیلێ كەیل

مەحرەم وەڕازان خەڵوەت خانەی لەیل

لانە حەلقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ

هام دەم جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ(دیوانی مەولەوی :١٩٦١،٢٠٥ )

ئەوچامەیە ، ٢٦ بیســتوشــەش دێرە و مەولەوی (لە لاواندنەوەی عەنبەرخاتوونی خێزانیا وتوویەتی)(دیوانی مەولەوی :١٩٦١، ٢٠٥)، ٥ پێنج جار لێكســیمی (دڵ )ی بەواتای جیاواز ، وەك ئەندامی بایۆلۆجی گشــتی و دڵی خۆی و وەك ئاوەڵناو لەگەڵ وشــەیەكی دیكەدا دووپاتكردووەتەوە و ٥ پێنج جار لێكســیمی (لەیل ، لەیلێ ، لەیلا)ی لەجیاتی ناوی عەنبەر خاتوونی خێزانی و وەك (لەیلا)ی مەعشــوقەكەی مەجنوون بەكارهێناوە . هەروەها ٣ جارلێكســیمی (عەنبەر) ی دووبارەكردووەتەوە، بەواتای ناوهێنانی (عەنبەر) خاتوونی خێزانی وهەروەها بەواتای بۆنی عەنبەر ( بۆنێكی خۆشە ، ڕەنگی خۆڵە مێشییە، لە مەعیدەولوولەكانی ناوەوەی ماسیی عەنبەردا هەیە)( خەزنەدار:١٩٧٧، ٣١٢ ) لەگەڵ (زوڵف) و(بۆی)دا بەكاری هێناوە. لەم جۆرە دووبارەكردنانەوەهونەریانەدا شاعیر چەندمەبەستێكی هونەریی و ســیمانتیكی هەن، یەكێك لەو مەبەســتانە ،لە تەكنیكی قەصــیدەی درێژدا دووپاتكردنەوە ســوودی هێنانەوە یادوبیرنەچونەوەی هەیە و جەختكردنە لەســەر دووبارە ناوهێنانەوەی كەســی ســەرەكی ناو شــیعرەكە ، كە هەموو شــیعرەكە بۆ ئەو تەرخانكراوە. لەلایەكی دیكەشــەوە بەزۆری دووبارە كردنەوەی دەنگی (ل) و لێكســیمی (لەیل)كەڵك وسودێكی هونەری دیكەی بە چامەشیعرییەكە بەخشیوە، ئەویش لەپێناوی دروستكردنی ئاوازێكی موزیكیی ناوەوەی دێرە شیعرەكاندا هەر،لەو چامەیەدا چەند زاراوە و لێكسیمێكی دیكەی زۆر بەوردی وبە مەبەستی خولقاندنی هونەرە ڕەوانبێژییەكان دووبارەكردوونەتەوە ،وەك جێناوی (تۆ ،ئەو) ،هەر، مەنزل ، سارا ،مەجنوون ، تەرز ،جیلوە . لەوانەیە لە زمانێكی دیكەدا ئەو دووپاتكردنەوانە خەوش و پێشــێلكارییەكی دەســتوری زمان بێت ، بەڵامئەگەر دووپاتكردنەوەكە بۆغەزەل وناوی كەسێكی نزیك وهاوڕێ و خزم بوو ، ئەوها دەبێتە شێوازیكی جوان " كەمەولەوی لێكسیمی ئازیزی، یان(ناوی عەنبەر خاتوون ، یان لەیل ولەیلا ، خاڵۆ) ی، بەزۆری دووبارەكردوونەتەوە ولە ســەرەتای دێڕەكاندا جێگیری كردوون، ئەو شــێوازەی مەولەوی بەكاری هێناوە ، ســەرپێچی و پێشــێل كردنی یاســاو دەســتووری زمانی كوردی و بەتایبەتی شــێوەزاری هەورامی نییە ، جۆن كوین ئاماژەی بەم ســەرپێچییە زمانییە داوە و دەڵێت (ئەم شــێوازە ،ســەرپێچی و پێشــێل كردنە ،بەڵام هەموو ســەرپێچییەكیش شــێواز نییە ) ئەم دیاردەیەش وەك لەمەوبەر باسكرا،لەوانەیەلە زمانی عەرەبیدا ئینتهاك بێت )(ریاض عبدالله سعدالجیاشی،٢٠١٧ :١٢ ) .

وەهەرمەنزڵ داو هەر ڕاگوزەردا

هەر دەستی حەسرەت مدا وەسەردا

چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆیۆ

بێ هۆشم ، خەویۆ ، ڕاس یۆ ، درۆ یۆ (دیوانی مەولەوی :١٩٦١ :٢٠٦)

××××××××

جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد

سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد (دیوانی مەولەوی :١٩٦١ :٢٠٧)

لەم نموونانەشـــدا بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی عەنبەر ، چ وەك ناو چ وەك بۆنی خۆش ئاماژەی ئەوەیە ،کە هەمیشە ویستوویەتی ناوی خۆشەویستەکەی لەیاد و لەسەر زمان بێت:-

لانە حەلقەی زولف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ

هام دەم جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ(دیوانی مەولەوی :١٩٦١،٢٠٥ )

نامەی عەنبەر بۆت باد صبح ئاوەرد

عەترش زامەکەی کۆنەم تازە کەرد(دیوانی مەولەوی :١٩٦١،٤٣٧ )

هونەری دووپاتکردنەوەی دەنگەکان ، جۆرێکی دیکەیە لەو شـێوازانەی مەولەوی پێڕەوی کردووە لە شـیعرەکانیدا وەك لەم دێڕەدا دەبینرێت:

ئاخ،چراخ!چ ئاخ؟ئاخ پەی ئاخدارێ

چون من خاطر خار ، خەمبار، داخدارێ (دیوانی مەولەوی :١٩٦١ :٥٥)

لەدیوانی مەولەویداو لەپەراوێزی ئەو چامەیەدا نووســراوە (مەولەوی ئەم قەصــیدەیەی بۆ (مەلا چراخ) ناوێکی دۆســتی نووســیوە.).(دیوانی مـەولـەوی :١٩٦١ :٥٥)لـەو دێڕە کورت و چڕەدا ، شـــاعیر ،٩ نۆجـار دەنگی (خ)ی دووبارەکردووەتەوە، لە نێوە دێڕی یەکەمدا، ٣ سـێجار لێکســیمی (ئاخ) بەتەنیا ویەکجاریش لێکســیمێکی نوێی دروستکردووە لە ئاخ + دار = ئاخدار، هەر بەو شیوەیەش (داخدار)ی دروستکردوووە، کە ئەودوو زاراوەیە ئاخ و داخ ، چ بەتەنیا و چ بەیەکەوە( ئاخ وداخ ) وەك ئیدیۆمێك لە فەرهەنگی گشــتی زمانەکەدا هەن ، بەڵام ئاخدار و داخدار ، بەرهەمی داهێنانی شـاعیرەولە لای خەڵکی وشــەی ئاخ ، یان داخ تەنیا بەو زانیارییەوە پارێزراوە کەبۆ غەم وخەفەت وناخۆشی گوزارشتی لێکراوە، بەڵام لەلای مەولەوی وشەکە لەڕێگای فرێزەوەکۆلیکەیشنێکی دیکەی پێدراوە و زانیاری زیاتر و ئەرکی ڕێزمانیو واتایی دیکەی دەخاتە ناو لێکســیمی ئاخدار و داخدار و واتای کەســێکی خاوەن ئاخ ، یان خاوەن داخ دەگەیەنێت و بەمەش لە فەرهەنگی مەولەویدا ( ئاخ ،داخ ) واتاکەیان فراوانتر کراون.شاعر بەبێ مەبەست وشــە و لێکســیمەکان لە دێڕەشـیعرێکدا دووپات ناکاتەوە ، بەڵکۆ بە ئاگاییەوە لە پرۆســەکە دەڕوانێت ومەبەســتی لە دووبارەکردنەوەکەهەرجۆر وبەشـێکیمۆرفۆلۆجی بێت( جا ئەگەر ناوێك ، یان کارێك بێت ، شـاعر بەشـێوەکی هونەری ســـەرســـوڕهێن دووپـاتکردنـەوە دەکـات، کـە واتـاگـەلێکی ورووژێنـەروبـەهێز بگـەیـەنێـت) (عصـــام شـــرتح ،٢٠١٩ www. Poetryletters.com ) مەولەوی بەتەواوی لەو دووبارەکردنەوەیەدا مەبەستی قسەکانی ئەم سەرچاوەی پێکاوە .

مەولەوی لەو جۆرە دووپاتکردنەوەی دەنگانەی زۆرە و بەهیچ شــێوەیەك بەگشــتی ئەو دووبارەکردنەوەی پیتانە قورســایی نەخســتووەتە ســەر دەنگی وشــەکان و خوێندنەوەی بەیتەکەی پێ نەڕووشــاوە و لە ڕەوانییش دووری نەخستووەتەوە ، وەك حەمە کەریم هەورامی لە کتێبەکەیدا دەنووسێت ( ئەگەرچی چەند جار دووپاتبوونەوەی یەك پیت ڕیتمی مۆسـیقای دەرەوەی بەیتەکەی پێ گڕ دەبێت ، لە هەمان کاتدا قورسـایی دەخاتە سـەر دەنگی وشـەکان و

خوێندنەوەی بەیتەکەی پێ دەڕووکێ و لە ڕەوانی دووری دەخاتەوە) ( حەمە کەریم هەورامی: ٢٠١٣ ،٤٤٨ ). لەوانەیە لەسەرانسەری ئەو دێڕەشیعرانەی ناودێوانەکەدا ، تەنیا دێڕێك ، یان دوودێڕ هەبێت، کەوای لە مامۆستا حەمە کەریم کردبێت ، ئەو بۆچوونەی لەلا دروست بووبێت ! ئەوەش بە خەوش ولاوازیی ناژمێردرێت وبەوڕەهایی وشێوەگشتییەش نییە ، کە مامۆستا نووسیویەتی ،بەڵکو بەپێچەوانەوە، گەلێك نموونەی لەوجۆرە دەبینرێن بە دووپاتکردنەوەی دەنگەکان ئاوازی دەرەوە و ناوەوەشیان دروست کردووە وڕیتمێکی سوك وخۆش وڕەوانیان بە بەیتە شیعرەکە بەخشیوە ، (خەسیەتییەکی هونەری زۆر بەرزی شیعری مەولەوی ئەو هارمۆنیایەیە، کە لە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانەوە، لە یاری بە پیت و وشەکردنەوە درووست دەبێ )(ئەنوەر قادر محەمەد:٢٠٠٧ ،١٩٦ )جگە لەوەی نموونەکان بۆخۆیان بەڵگەن ، هەرچی ئەو پارچە و دێڕە شیعرانەی، کە دووبارەکردنەوەی دەنگ و لێکسیم و زاراوەیان تێدایە،بە زۆری کراون بە گۆرانی ولەلای ئاوازدانەر وگۆرانیبێژانبۆ گۆرانی گوتن ئاسان و خۆشن وڕیتمێکی مۆزیکییان هەیە. وەك لەم نموونانەدا دەبینرێن و لەلای هونەرمەندان ولەناو خەڵکیشدا باوون.

خاڵۆ خاڵۆتەن ، کەم واچە خاڵۆ
خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵۆ
شەرت بۆ من جە داخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ
وێم کەروو وەکوڕ چواردەساڵەی نۆ (دیوانی مەولەوی :١٩٦١ :٢٠٢)

×××××

قوربان ! قوربانەن ، جەژنەن شادی یەن
دەس نە گەردەنەن ، ڕۆی ئازادی یەن

×××××

پەی قوربان کەردەی ناڵە نەی ڕەنگ بەی
چێش مبۆ ئەر بەی ؟ وەی پەی من ئەر نەی
ساتۆیچ من وەرە ، وە قوربانی کە
من وە قوربانی ی ڕای ڕەبانی کە (دیوانی مەولەوی :١٩٦١ : ٣٤٨-٣٤٧ )

زانا و پرۆفیسۆری بەناوبانگی ڕووسی (ی.م.لۆتمان ١٩٢٢-١٩٧٢ ) کەیەکێکە لە تیۆریستە پێشڕەوەکانیزانستی زمان و ئەدەب(ی.م. لۆتمان، وەرگێڕ ئەنوەر قادر محەمەد:٢٠١٩ ، ٧ )بەمجۆرە سەبارەت بە دووبارەکردنەوەی هونەری دەدوێت "دووبارەکردنەوە لەدەقدا بەدیهێنانی نەخشەی پارادیگمی پرینسیپی وەکیەکی جێبەجێ دەکات و دێنێتە کایە"(سەرچاوەی پێشوو:٢٠١٩ ، ٨٢ ) نەخشەی پارادیگمی زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە دەقێکدا دووپاتکردنەوەی هونەری بەگوێرەی تواناو دەسەڵاتی شاعیر لە بنیادی زمانی دەقەکەدا هەبێت ، زۆر جار دووبارەکردنەوەکان بە شێوەی پەرەلێل ، هاوتەریب لە تێکستە شیعرییەکاندا دەردەکەون . لە دیوانی مەولەویدا ئەم هونەرە بە زۆری ، نەك تەنیا لە شێوەی دەنگ و مۆرفۆلۆجیدا ، بەڵکو سەرمایەی فەرهەنگیی وشە وفرێز، لە دروستکردنی ڕستەی شیعری و هاوتەریب و هاوڕیتم وترپە و ئاوازی موزیکیدادەبینرێن ، وەك لەم چامە ٢٥ بیستوپێنج دێڕییەدا ، مەولەوی بەتواناو نەفەسێکی درێژ چەندین جارو بە شێوەیەکی هونەریی، بێ ئەوەی ئیستاتیکای شیعرەکە تێکبداتچەندین لێکسیم و دەستەواژەو ڕستەی شیعری بەشێوەی پەرەلێلیزم دوبارەکردووەتەوە،

هام دەردان بەردەن .. هام دەردان بەردەن

ڕۆح و دڵ ودین وە تاڵان بەردەن
دەروون وە مەودای خەدەنگ ڕێش کەردەن
ڕیشەی سەبووریم تاتاکێش کەردەن
وەنێش پڕ ئێش ژار مار دەرد
سەراپای ئەعزام لەتار لەتار کەرد
×××××××××
جەمین قەمەرێ ، سیمین سیم بەرێ
موویی کەمەرێ ، شیرین دڵبەرێ
مشکینە خاڵێ ، یوسف جەماڵێ
مەحبووب جەلالێ ، لەیل ئاسا حاڵێ
سەرو باڵایێ ، حۆری نومایێ
خورشید جەلایێ ، غیلمان ئاسایێ (دیوانی مەولەوی : ١٩٦١ ، ٥٠٤-٥٠٥ )

ئەم دیاردەیە وەنەبێت تەنیا لەیەك پارچەغەزەل و چامەدا بەڕێکەوت دروست بووبێت ، بەڵکو ڕادەی زۆرییەکەی و جوانی و ئیستاتیکای ئەم هونەرە لە شیعری مەولەویدا ، بووە بە خەسڵەت وتایبەتمەندییەکی شێوازگەری ، کەدەکرێت شیعری مەولەویی بناسرێتەوە .

وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین
شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین
شکۆفەی باغچەی پیری سفیدەن
سەرمایەی میوەی عیرفان هەر ئێدەن (دیوانی مەولەوی :١٩٦١:٤٥٧ )

لەو چامەیەدا ، کە لە ٢١ بیستویەك دێڕشیعر پێکهاتووە ، دیارە مەولەوی( ئەم قەصیدەیەی بەبۆنەی پیربوونی خۆیەوە وتووە )(دیوانی مەولەوی :١٩٦١، ٤٥٧ )،بەبەڵگەی ئەوەی ، جگە لەواتای دێڕە شیعرەکان . کە بە ڕاستی و ڕوونی باسی پێگەیشتنی خونچەی سپی ڕیش و مووەکانی جەستەیدەکات، وەك شێوازگەری ئاماریش دەریدەخات لەو چامەیەدا ٩ جار ڕاستەوخۆ باس لە پیری دەکات بە بەکارهێنانی لێکسیمی (پیر ،پیری، پیریم ، پیران ،پیرین) ، هەروەها بە ناڕاستەوخۆو بە شێوەی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی .چەند لێکسیمێکی دیکەی بەکارهێناوە ، وەك سفیدی،سفیدەن ، سپیی ، خەزان ، پایز،ئەجەل ، فەنا ) ئەم لێکسیمانە دەرهاویشتەی باری دەرونیی شاعیر دەردەبڕن ، کە راستگۆیانە دان بە پیربوون و هەڵکشانی تەمەنیدا دەنێت .

ئەم دووبەیتەش دووبارەبوونەوەیەکی جوانی تێدایە ، سکالا لەدەست داخ ودەرد و خەمباری دەکات ، بە دڵنیاییەوە ئەم شیعرەش شیعری سەردەمی پیرییەتی ، جگە لەوەی ٥ پێنج جار عەین و جارێك چاوی دووپاتکردووەتەوە ،یارییەکی بە لێکسیمی (عەین) کردووە بە واتای خۆی کە بەوێنەی ( ع) چەماوەتەوە و بەواتای چاو و بەواتای ئەژنۆ و بەواتای کانی وسەچاوەی ئاویش بەکاری هێناوە .

سەر وەبان عەین عەینم خەم وەردەن
هوون چون چەشمەی عەین نەعەین سەرکەردەن
یەند دەردو ئاهم عەین کەردەن بێ نوور
وەختەن هەشت کەم بۆ نە پەنجەی مەشهوور (دیوانی مەولەوی : ١٩٦١ :٢٩٥)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەكرێت ئەو هەمور دووبارەبوونەوانە ، چ وەك دەنگلە ئاستی فۆنۆلۆجیدا و چ وەك لێکسیم و زاراوە و تەنانەت ، ڕستەی شیعرییش بە تایبەتمەندیی وخەسڵەتێکی شێوازی شیعرەکانی مەولەوی دابنرێت ، چونکە ئەولێکسیمانە ، لەڕێگای ئەودووپاتبوونەوەیەوە بەرهەمی واتایی دیکەیان لێدەکەوێتەوە ، وەك لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا دەرکەوت.

**ئەنجام :**

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا،توانایهونەریی و دەستمایەی فەرهەنگیی زمان وشارەزایی مەولەوی، لە بابەتی دووبارە بوونەوەدا لەم چەند خاڵەدا چڕکراونەتەوە :

١- هونەری دووبارەبوونەوە لە شیعرەکانی مەولەویدا لەئاستێکی بەرزی زمانی شیعری و هونەرە ڕەوانبێژییەکاندایە ووەك ڕەگەز وتایبەتمەندییەکی جوان و دیاری شێوازی شیعرەکانی دەردەکەون.

٢- دووپاتکردنەوەکان لە ئاستەکانی دەنگسازی ومۆرفۆلۆجی و سینتاکس و واتا سازییدا دەبینرێن ،لە هەموویاندیارتر و سەرنجڕاکێشتر دووبارەکردنەوەی دەنگی(پیت)ومۆرفۆلۆجییە ، بەتایبەت لێکسیم و زاراوە و دەستەواژە.

٣- دووبارەکردنەوەی لێکسیمی ( ئازیز )، بەتایبەتی لە سەرەتای ڕستەشیعرییەکاندا ولە ناو دێڕەشیعرەکاندا بەگشتی تایبەتمەندییەکی شێوازی شیعرەکانی مەولەوییە .لێکسیمی (دڵ) و( خاڵۆ)ش لەو وشە ولێکسیم و زاراوانەن، کەوەك وشەی کلیلی لە شیعرەکاندا دەبینرێن.

٤- دووبارەکردنەوەی لێکسێمەکان لەناوەندی ڕستە شیعرییەکاندا ، بەشێوەیەکی هونەریی هاوتەریب، پەرەلێلەییەکی دەنگییان پێکهێناوەو ئاوازی ناوەوەیان بۆ دێڕە شیعرەکان و سەرجەم شیعرەکەش دروستکردووە.

٥- مەولەوی بە ئاگاییەوە لە پڕۆسەکە دەڕوانێت ومەبەستی لە دووبارەکردنەوەکەهەرجۆروبەشێکیمۆرفۆلۆجی بێت( جا ئەگەر ناوێك ، یان کارێك بێت ، بەشێوەکی هونەری سەرسوڕهێن دووپاتکردنەوە دەکات، کە واتاگەلێکی ورووژێنەروبەهێز بگەیەنێت.

٦- لە تەکنیکی قەصیدەی درێژدا دووپاتکردنەوە سوودی بەیادهێنانەوە و بیرنەچونەوەی هەیە و جەختکردنە لەسەر دووبارە ناوهێنانەوەی کەسی سەرەکی ناو شیعرەکە ، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێت ڕادە وڕاستگۆیی لە خۆشەویستییەکەیدا بۆ خوێنەروبۆ خۆشەویستەکەی بسەلمێنێت.

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی**

١- ئەنوەر قادر محەمەد،د. لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێیەم ، سلێمانی ،٢٠٠٧ ،

٢- حاتم وليا محمد، د. مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠١٩

٣- حەمە کەریم هەورامی، مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر،٢٠١٣.

٤- دیوانی مەولەوی ، مودەریس مەلا :١٩٦١

٥- دیوانی نالی، خەزنەدار، دارالحرية للطباعة ، بغداد ١٩٧٧ .

بەزمانی عەرەبی:

٦- شفيع السيد ، أ.د. اسلوب التكرار بين تنظير البلاغيين وأبداع الشعراء ،2017: Pdf

٧- محمد عبدالله القاسـمى،التكرارات الصـوتية فى لغة الشـعر، عالم الكتب الحديث، الاردن، عمان،الطبعةالاولى، ٢٠١٠ .

٨- نازك الملائكه،٢٠٠٧ قضايا الشعر المعاصر ، دارالعلم للملاين، بيروت ٢٠٠٧ .

نامەی ئەكاديمی:

٩- بژوێن یەحیا محەمەد، نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٦.

١٠- محەمەد مەجید سەعید ، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسێمبوون،نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٦،

**پێگەی تۆڕی ئەنتەر نێت:**

1- www.Collinsdictionary.com

2- www.qu.edu.iq، اسـلوبيةالتكرار فى الشـعرالعربى وفق المنظورالنفسـى , رياض عبدالله سـعدالجياشـى، جامعة القادسية ،٢٠١٧ .

3- Poetryletters.com www.٢٠١٩، عصام شرتح ،فنية التكرار عند شعراء الحداثة المعاصرين_

4- wortwuchs.net //https.www.Literatur lexikon

**پەراوێزەکان:**

هەندێك زانیاریی زانستی زمانم لە بەڕێز پرۆفیسۆر د.عبدالجبار مستەفا وەوەرگرتووە ، زۆر سوپاسی دەکەم.